# جەنابی مەسعود بارزانی "باسەڕە" گۆڵی لە کێمان کردووە؟

تاهیر ساڵح شەریف

جەنابی سەرۆک !

گوێ ی شەیتان و تەزویرچی یەکانت کەڕ بێت، پێ دەچێت نەگبەتی منی گرت بێت ، یان تۆ و دەزگای پاراستنەکەت ؟ ببورە جەنابی سەرۆک !! بەهەڵەدا چووم لە هێنانەگۆڕی ئەو پرسیارە ، چونکە وەک پیرێژنە بەسۆزەکەی دایکم بۆی گێڕاومەتەوە: " لە دایک بوونەکەیشم بە نەگبەتی بووە " و هەتا ئەم ساتە وەختەیش کە لەگەڵ جەنابت دەپەیڤم نەگبەتی منی بەرنەداوە، جا ئیتر نازانم ئەوە دوعاو نووشتەی مەلای ڕەحمەتی باوکتە، یان ئاهو نزای ئەو خەڵکە هەژار و ڕەش و ڕووتەیە کە دەمت ناوەتە خوێنیانەوە ؟!

جەنابی سەرۆک!

ئەی تۆ نەتزانی بوو کە دایک و باوکم منیان بە نەگەبەت دروست کردووە ؟ ئەی تۆ نەتزانی بوو کە هەرکەسێک نزیکی من بکەوێت بۆهەتا هەتایە نەگبەتی بەری نادات؟ ئێستا من و تۆ بووینە داستانەکەی موسا و فیرعەون . تۆی فیرعەون ، بەهێز ترین جادووگەرەکانت بەرەڵا کردووە بۆ قەناعەت کردن بە خەڵکە هەژارەکەی ژێر چەپۆکت تا لە ڕێگای مۆدێرن ترین جادوکانیانەوە پەیامی ڕاستی منی موسا پوچەڵ بکەنەوە ، بەڵام جەنابی فیرعەونی سەرۆک !! .. ئەگەر تۆ بەهێزترین جادووگەر و بەهێزترین دەسەڵاتت هەیە بۆ پوچەڵکردنەوەی پەیامی مرۆییانەی من ، ئەوا منی موسای چەوساوەکانی وولاتیش لێرەوە، لەم وولاتی ئازادی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤەوە دڵنیات دەکەم موعجیزەی سیاسی و هێزی فکری یەکی ئەوتۆم هەیە کە هەموو جادووەکانی جادوگەرەکانت بەتاڵ دەکەمەوە . سەرکەوتن بۆمنە و خۆت ماندوو مەکە و ئاسنی سارد مەکوتە.

جەنابی سەرۆک !

نەتزانیووە نەک درۆکانی تۆ و فەلەکی دز و پاشڵ پیسی یەکەم ڕاوێژکاری سیاسەتی پاشقولگرتنت لەم حیزب و لەو گروپ و لەو کەسایەتی سیاسی سەر گۆڕەپانەکە مل کەچم ناکات بە قبوڵ کردنی سیاسەتی باوک سالاریتان ؟ .. بەڵکو ئەوەندەی تر بورکانی بێزاریم دەتەقێنێتەوە بەڕووی هەموو باوکەکانی سیاسەت و خێزاندا . خۆت ماندوو مەکە و ئاسنی سارد مەکوتە ، چونکە باوکیشم لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا زۆری سوکایەتی پێ کردم و زۆری شەقی تێ هەڵدام و زۆری پێ ووتم "گەر واز لە سیاسەت نەهێنی و وەرقەی جاش خەفیفەکانی دەستکردی جەنابتان نەخەمە گیرفانمەوە یان ماڵ بەدەرم دەکات، یان لە ترسی گیانی خۆی و خێزانەکەی بەگرتم

دەدا و ئەخباریم دەکات" ، بەڵام منی نەگبەت لە سەر کەللە ڕەقی خۆم بەردەوام بووم و چۆکم بە یەکەم باوک و یەکەم سەرۆکی خێزان (کە لە مەلای باوکی تۆ دیکتاتۆر تربوو) دادا. ئێستا تۆ و فەلەکی ئیختلاس (1) لە سەر دزی چی ڕاوێژ کارت دەتوانن ڕۆڵی باوکایەتی خۆتان بە تەزویر نامەیەک بە سەرمندا بسەپێنن؟ ئەوە خەیاڵە و هەرگیز بۆتان بەدی نایەت.

جەنابی سەرۆک!

تۆ پارەو هێزی چەکدارو تیرۆریستت هەیە و دەتوانیت لەم دوورە دەستەیشەوە بە ئیمەیلێکی یەک چرکەیی لە ناوم بەریت ، بەڵام من دڵنیات دەکەم ئەوەندەی کە ژیاوم بەسمە و بگرە لێیشم زیادە (یان وەک هەندێک لە هاوڕێ یانم دەڵێن لە سەر قازانج ماومەتەوە) چونکە لەو ماوە کورتەی تەمەنمدا توانیومە بە نوکی پێنووسەکەم شکۆ و قودسیەتی تۆ و خواکانی نموونەت بشکێنم لە بەر دەمی کۆیلەکانتاندا. بەو پەڕی خەیاڵی ئاسودەوە پێت دەڵێم چیتان لە دەست دێت بەرامبەرم بیکەن و مننەتتان بەهیچ .
من هەر ئەوەندەم بەسە کە توانیوومە بەچەند ووتارێک دژ بە جەنابت، یەکەم ڕاوێژکاری سیاسی تۆ بخەمە بازاڕی قاچاخچی و تەزویر چییەکانەوە و تا بە وەرگرتنی چەند هەزار دۆلارێک لە توی خاوەن سەرمایە فایلێکی تەزویرم بۆ دروست بکات و، وەک پاسپۆرتە فەل و تەزویرەکان، بە بازگای زێرینی ژێر دەستی چەتەکانی تۆی سەرۆک دا ، بپەڕمەوە و لێرەوە هەرچی داخی دڵی خەڵکی هەژاری کوردستان هەیە وەک بارانی پەڵە بە سەرتاندا ببارێنم.

جەنابی سەرۆک!

واز لەم ڕەوشتی بێ زمانییەت بێنە و، وەرە چوار قسەی حسابی لەگەڵ منی سەرەڕۆ و نەگەبت و دمە هەراشدا بکە .. وەرە با پێکەوە لە ژورێکی ئەلەکترۆنی دا دابنیشین و فایلی یەکتر بخوێنینەوە، تا بۆ جەماوەرێکی کەمی خەڵکیش ڕوون بێتەوە کە فایلی کێمان ڕاستەقینەیە و فایلی کێشیمان تەزویرە؟ پێ دەچێت وەک حەریفەکەت، وەک فەلەک و تاریق کارێزی و پڵنگە کاغەزیەکەت و دکتۆر عەولای سەر بەرماڵەکەت و ئەو برادەرانەی تر کە قەڵەمەکانیان بۆ جەنابت هەڕاج کردووە [یان هەندێک لەو کۆلکە نووسەرانەی تر کە لە ترسی دەسەڵاتی فریعەونانەت فزەیان لێوە نایەت و دەستیان بەکڵاوەکەیانەوە گرتووە تا با نەی بات] خلافابیت، یان وەک وەزیرە گەمژەکەی سوڵتان مەحمودتان بە سەر هات بێت، چونکە پێتان وایە گۆڵێکی وەک 31 ی ئابی پڕ سەروەرییەکەتان لەم بازییەدا تۆمار دەکەن، بەڵام جەناب ئەوە خەیاڵە و بەهۆی ئەو فاوڵە ناشیانەتانەوە، تۆپەکە لە قاچم دایە و ئێستا خۆم بۆ گۆڵێک ئامادە دەکەم کە لە

گۆڵی ناسراو (بە گۆڵی ئاش بەتاڵەکەی 1974 ـ 1975) بە ناوبانگتر دەبێت و سەر شۆڕ تر دەبن لە گۆڕەپانەکەدا .

جەنابی سەرۆک!

دەمزانی کە تۆ پلەی خوێندنت زۆر نزمە، بەڵام وا بیرم دەکردەوە کە هوشیاری لە سیاسەتدا و تێگەیشتن لە فەلسەفە و سیاسەت و ڕۆشنبیری، پەیوەندیەکی بە پلەو پایەی خوێندنەوە نییە و مرۆڤ دەتوانێت بەهرەی خۆ ڕۆشنبیرکردن لە دەرەوەی زانکۆ و پەیمانگەکانیش بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، کەچی تۆی سەرۆکی فریعەونی حیزبێک و وولاتێک نە سیاسەت دەزانی و نە پلەی ڕۆشنبیرت لە ئاستێکی بەرزدایە و نەپلەی خوێندنیشت لە قۆناغی ناوەندی تێپەڕی کردووە. ئەوە ئیتر نەک هەرکارەساتە بۆ حیزبەکەت، بەڵکو کارەساتێکی گەورەیشە بۆ میللەتێک کە بێ زمانییەکەی تۆ بە حیکمەت دەزانێت و لە بەردەمی گەورەیی و شکۆیی تۆدا سوجدە دەبات، بەڵام من مێژووم خوێندۆتەوە و مێژوویش ئەو زەمین لەرزەیەیە کە دیوارەکانی کۆشکی دەسەڵاتی بە سەر فیرعەون، ناپلیۆن، هیتلەر، شا و سەددامی ئاغاتدا وێران کرد . ئاسنی سارد مەکوتە و سەرلەم کەللە ڕەقە مەگیرێنە، چونکە پاشگەزبوون لەوەی کە ووتوومە و کە دەیڵێم یەکسانە بەمەرگ بۆمن. خۆت ماندوو مەکە و خۆت و تیپەکەی (باسەڕە) یاری نەزانت بە حەیای خۆتانەوە لە گۆڕەپانەکەدا ببەرە دەرەوە ، ئەگینا ئەو گۆڵەی ئەمجارە تۆماری دەکەم مێژوو بۆ هەتا هەتایە دەینووسێتەوە.

جەنابی سەرۆک!

تۆ بەهەڵەدا چوویت کە بە تەزویر نامەیەکی فەلەک و پیاوەکانی ترت بتوانیت ئەم پێنووسە پۆڵاینە بشکێنیت و ئەم مێشکە کۆنکرێتکراوە بە تیۆری مارکسیزم لەکار بخەیت، ئەو پێنووسە لە داری دارجگەرە دروست نەکراوە، بەڵکو ئەو پێنووسە لەو پۆڵایە دروست کراوە، کە بە دەستی داهێنەرانەی ئەو کرێکارانەوەیە کە دەتوانن هەم کۆشکەکەی تۆی خاوەن شکۆ و نموونەکانت دروست بکەن و لە هەمان کاتیشدا وێرانی بکەن. بەهەڵەدا چوون کە پێتان وایە بە فیشەکی تەزویر نامەیەک ئەم مێشکە کۆنکرێتکراوە بەتیۆری مارکسیزم کوون بکەن. ئەو مێشکە لە قوتابخانەیەکی بێ فکرو بێ دەفتەر و قەڵەم دا و بە قسەی گوێ ئاگردان و ناو ئەشەکەوتەکان گۆش نەکراوە کە تەسلیمی ئەقڵی باوکی میللەت ببێت، بەڵکو ئەو مێشکە بە زانست و فکرێک گۆش کراوەکە باوکایەتی لە سیاسەتدا لە هیچ کەس قبوڵ ناکات و هەزاران قوتابخانەی بێ فکر و دەفتەر و قەڵەمی کوردایەتیش لە بەردەمی دا هەرەس دەهێنێت.

4 مارسی 2004

(1) کاتی خۆی فەلەکەدین لە کەرکوک فەرمانبەر بوو ، لە سەر دزیکردن لــە دائــیرە دەرکــراو و چەنــد ساڵێکیش سجن کرا ، کە بەرەڵابوو ، بڕیاری دا ببێتە نووسەر و سیاسیی ، ئەمڕۆ ئــەو بــەڕێزە یەکــەم باڵادەستی ناو پارتییە.